# Geographical analysis for the distribution of educational services in (2022-2023) new Halabja in (A Study in Service Geography)

Shad Hameed Mohamed[1], Didar Hamad Qadr[2], Sabah Latif Muhamamad[3]
[1]Geography, College Of Humanities Education, University of Sulaimany, Sulaimany, Iraq
[2]Geography, Erbil, Soran, Iraq, [3]Ministry Of Education, Sulaimany, Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.19*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*Educational services, as an important aspect of social service, play a major role in enhancing and developing the individual's capabilities and raising a generation that is aware and capable of developing societies and raising their cultural level. This is considered a basic criterion for evaluating countries in terms of progress. Given the importance of this type of service, we have devoted this study to a geographical analysis of educational services in the city of New Halabja for the year 2022-2023. The importance of this research lies in clarifying the reality of educational services in the new city of Halabja and identifying the shortcomings and problems facing planners and experts in this field, to take scientific steps to solve them and improve the level of Education in the city. In this study, we used the descriptive and inferential approach. This study aims to explain the distribution of educational services in the research area, demonstrate the capacity and level of educational services for the population, and present the reality of educational services in the new city of Halabja.*

*To achieve the main objectives, we divided the research into three main parts. The first part focuses on the geographical distribution of educational services in Halabja 2022-2023. The second part was devoted to the spatial analysis of educational services in the research area, and in the last part we implemented the standards for planning educational services in New Halabja.*

***Keywords**: Halabja City, Education service, Distribution, service Geography*

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە لە ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

(تویژینەوەیەک لە جوگرافیای خزمەتگوزاری)

پ. ی. د. شاد حمید محمد، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان-سیدصادق، بەشی جوگرافیا
Shad.rasul@univsul.edu.iq
-صباح لطیف محمد. ئامادەیی قورەگوڵی تێکەڵاو، زەڕایەن
Sabahsardam1@gmail.com
-دیدار حمد قادر. ماستەر لە جوگرافیا، سۆران
didarbradosti0@gmail.com

**پوختە**

خزمەتگوزاریی فێرکاری وەک لایەنێکی گرنگی خزمەتگوزاریی کۆمەڵگەیی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەبەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی تواناکانی تاک و پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشیار و بەتوانا بۆ گەشەپێدانی گۆمەڵگەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان ئەمە لەکاتێکدا بە پێوەرێکی سەرەکی هەژماردەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی وڵاتان لە ڕووی پێشکەوتنەوە.

لەبەر گرنگیی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە ئەم توێژینەوەیەمان تایبەت کردوە بە شیکردنەوەی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە لە ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ گرنگیی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە دەرخستنی دۆخی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە و کەموکورتی و گرفتەکانی دەستنیشانکردوە بۆ پلاندانەران و پسپۆڕانی تایبەت بەم بوارە، تا بەهۆیەوە هەنگاوی زانستی بۆ بنێن لە چارەسەرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و خوێندن لە شارەکەدا.

لەم توێژینەوەیەدا هەریەکە لە میتۆدەکانی وەسفی و میتۆدی استقرائی بەکارهاتوون. ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکارییە لە ناوچەی توێژینەوە و دەرخستنی توانا و ئاستی خزمەتگوزاریی فێرکاریەکان بۆ دانیشتوان و خستنەڕووی واقیعی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکانە لە شاری هەڵەبجەی تازە.

بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکان، توێژینەوەکەمان دابەشکردوە بۆ سێ بەشی سەرەکی؛ لە بەشی یەکەم تیشکخراوەتەسەر دابەشبوونی جوگرافیی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە لە ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣. بەشی دووەم تایبەتە بە شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە و لە بەشی کۆتاییدا پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە جێبەجێکراوە.

لە کۆتاییدا، توێژینەوە گەیشتوە بەو ئەنجامەی، کە گەڕەکی سورێن زۆرترین ژمارەی قوتابخانەی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت کە (٥) قوتابخانەیە و قوتابخانەی هیوای بنەڕەتی زۆرترین ژمارەی مامۆستا و قوتابی تێدایە کە (٨٠) مامۆستا و (٨٧٦) قوتابیە. ئەمە بەراورد بە پێوەری عێراقی ژمارەی مامۆستایان لە هەموو ئاستەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە زیاترە.

**وشە کلیلیەکان: شاری هەڵەبجەی تازە. خزمەتگوزاریی فیرکاری، دابەشبوون. جوگرافیای خزمەتگوزاری**

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە لە ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

## پێشەکی

خزمەتگوزاریی فێرکاری یەکێکە لەو خزمەتگوزارییە گرنگانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرەوپێشبردنی توانای تاک لەڕووی دەروونی و بیری و ڕۆشنبیریەوە هەیە، ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، تەکنەلۆژی و ڕۆشنبیریەوە، چونکە بنەمای سەرەکیی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان بریتییە لە فێربوون. یەکێک لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە دەبێتەوە بریتییە لە دابەشبوونی هەڕەمەکی جۆرەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەسەر گەڕەک و شەقامەکان لە شار و شارۆچکەکاندا، هەر ئەمەش وایکردوە کە بابەتی دابەشبوون و هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە ببێتە جێگای بایەخی گرنگپێدان لای توێژەرانی زانستی جوگرافیا.

جیاوازی لەنێوان قۆناغەکانی خوێندن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر هەیە، لە هەرێمی کوردستانیش قۆناغەکانی خوێندن بریتین لە باخچەی مندالآن، قوتابخانە بنەڕەتیەکان، خوێندنگە ئامادەیەکان، خوێندنی خێرا، ئامادەیی ئەکادیمی و پیشەیی و قۆناغی خوێندنی بالآ. لەم توێژینەوەیەدا کە شاری هەڵەبجەی تازە ناوچەی توێژینەوەمانە هەریەکە لە (باخچەی مندالآن، قوتابخانەی بنەڕەتی و خوێندگە ئامادەی*)یە حکومیەکانمان خستۆتەبەرباس و توێژینەوە.

## کێشەی توێژینەوەکە

گرنگترین ئەو کێشانەی کە لەم توێژینەوە جەختیان خراوەتە سەر بریتین لە:

١- دامەزراوە فێرکایەکان لە باخچە و قوتابخانەکانی ناوچەی توێژینەوە بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر گەڕەکەکاندا دابەشنەبوون.

٢- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە بەراورد بە پێوەری عێراقی لە ئاستێکی ناهاوسەنگدایە.

٣- جیاوازی لە بەرکەوتەی قوتابی/ قوتابخانە، قوتابی/ مامۆستا، قوتابخانە/ ڕووبەر، قوتابخانە/ پۆل، لەنێوان قوتابخانەکانی ناوچەی توێژینەوە هەیە.

## گریمانەی توێژینەوە

١- باخچە و قوتابخانەکانی ناوچەی توێژینەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکاندا.

---

(*) لەم توێژینەوەیەدا پشت بەست بە فەرمانی وەزاری ژمارە(٢) ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ناساندنی چەمکەکان باخچەی مندالآن و قوتابخانە و خوێندنگە و قوتابی و خوێندکار پۆلێنکاری بۆ جۆرەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری کراوە.

٢- توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە بەپێی پێوەری عێراق لە ئاستی تەواو پێویستدا نیە.

٣- جیاوزی لە ڕووی بەرکەوتەی (ڕووبەر، قوتابی، مامۆستا، پۆل) بەسەر قوتابخانەکانی ناوچەی توێژینەوە هەیە.

**گرنگیی توێژینەوە**

١- کەرتی پەروەردە بنەمای پێشکەوتنی هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکە، ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە، دەبێتە یەکەمین هەنگاو و کاری زانستی، جێی بایەخە گەر بە هەند وەربگرێت.

٢- ئەم توێژینەوە دۆخی خزمەتگوزاریی فێرکاریی لە هەڵەبجەی تازە خستوەتەڕوو، کەموکورتی و گرفتەکانی دەستنیشانکردووە، پلاندانەران و پسپۆڕانی تایبەت بەم بوارە، بە هۆیەوە دەتوانن هەنگاوی زانستی لە چارەسەرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و خوێندن لە شارەکەدا بۆ بنێن.

**ئامانجی توێژینەوە**

١- دەرخستنی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە.

٢- دەرخستنی توانا و ئاستی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بۆ دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە.

٣- خستنەڕووی واقیعی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە.


**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوە میتۆدی شیکردنەوەی وەسفی لە شیکردنەوەی داتاکانی نێو خشتەکان و میتۆدی استقرائی بۆ دیاریکردنی شوێنی باخچە و قوتابخانە و گەڕەکان بە بەرنامەی (gis و google earth pro ) بەکارهاتوە.

**چوارچێوەی شوێنی توێژینەوە**

شاری هەڵەبجەی تازە سەنتەری قەزای شارەزوور پێکدەهێنێت، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی قەزاکە و باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، پێکدێت لە (١٢) گەڕەک، گوندی کانی کەوەی چوغ دەکەوێتە بەشی خۆرهەڵاتی و لە باکووریەوە گوندی موانی ڕۆستەمە و لە بەشی خۆرئاوایەوە گوندی نەمەڵە، لە باشوورەوە ناحیەی زەڕایەنە و لە باشووری خۆرئاواوە هاوسنوورە لەگەڵ گوندی دسکەرە، گوندی داریقەلانیش دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی. لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی درێژیی (٤٢*٤٥¯٢٠= – ٤٠*٤٥¯٢٢=) خۆرهەڵات و بازنەکانی پانیی (٣٠*٤٢¯٢٠= – ٣٥*١٨¯٨=) باکوور. وەک لە نەخشەی (١) دیارە.

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی شاری هەڵەبجەی تازە




سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی سلێمانی، سەرۆکایەتیی شارەوانیی شارەزوور.

## بەشی یەکەم

## دابەشبوونی جوگرافیی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە لەساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بە بەشێکی گرنگ لە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان دەدانرێن و بایەخ و گرنگیی تایبەتیان لە ڕووی دابەشکردن و شێوە و شوێنی دامەزراوە فێرکاریەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە. (حاجی محمد، ٢٠٢٢، ل٣٧)· لەم بەشەدا تیشکدەخرێتەسەر ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە لە شاری هەڵەبجەی تازە، بۆ ئەو مەبەستەش بەشی یەکەم دابەشی سێ باس دەکەین:-

**باسی یەکەم/ دابەشبوونی جوگرافیی باخچەی منداڵان**

باخچەی منداڵان بە قۆناغێکی پەروەردەیی گرنگ هەژماردەکرێت، کە منداڵان لە تەمەنی (٤-٥) ساڵی پەیوەندی بەم دامەزراوەیە دەکەن، ئەم قۆناغە بە سەرەتای پێکهێنانی ڕەهەندە کەسایەتیەکانی منداڵ هەژماردەکرێت و چەندین لایەنی سەرەکیی گەشەی منداڵ لەخۆدەگرێت لە ڕووی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و عەقلیەوە. (المجمعي، ٢٠٢٢، ص١٨) لە باخچەی منداڵان گرنگی بەم لایەنانە دەدرێت، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە کەمکردنەوەی بەشێک لە بەرپرسیاریەتیەکانی خێزان. سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی ( ٢٠٢٢-٢٠٢٣)، (٣) باخچەی منداڵان لەخۆدەگرێت.

به سەرنجدان لە نەخشەی (٢) و خشتەی (٤) بۆمان دەردەکەوێت کە:-

١- هەریەک لە گەڕەکەکانی (شارستانی، مامۆستایان، بەختیاری)، (١) باخچەی منداڵانی تێدایە کە دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری هەڵەبجەی تازە و گەڕەکەکانی تری ناوچەی لێکۆڵینەوە بێبەشن لە باخچەی منداڵان.

٢- زۆرترین ژمارەی قوتابیانی باخچە دەکەوێتە باخچەی منداڵانی پەپوولە لە گەڕەکی مامۆستایان، کە (٢٠٢) قوتابی لەخۆدەگرێت، ڕێژەی (٤٠٪)ی کۆی قوتابیانی باخچەکان پێکدەهێنێت، کەمترین ژمارەی منداڵانی باخچە دەکەوێتە باخچەی منداڵانی چرۆ لە گەڕەکی شارستانی، ژمارەی منداڵان دەگاتە (١٠٨) منداڵ، کە ڕێژەی (٢١٪)ی منداڵانی باخچە پێکدەهێنێت.

٣- زۆرترین ژمارەی مامۆستایانی باخچە بە هەمان شێوە دەکەوێتە باخچەی منداڵانی پەپوولە لە گەڕەکی مامۆستایان، ژمارەی مامۆستایان تێیدا دەگاتە (٢٤) مامۆستا و لە (٤٥٪) کۆی مامۆستایانی باخچەی منداڵان پێکدەهێنێت، کەمترین ژمارەی مامۆستایان دەکەوێتە باخچەی منداڵانی چرۆ لە گەڕەکی شارستانی، کە ژمارەیان دەگاتە (١٢) مامۆستا و ڕێژەی (٢٢٪) مامۆستایانی باخچەکان پێکدەهێنێت.

٤- زۆرترین ژمارەی پۆل دیسانەوە دەکەوێتە باخچەی منداڵانی پەپوولە لە گەڕەکی مامۆستایان، ژمارەی پۆلەکانی (٦) پۆلە، کە ڕێژەی (٤٠٪)ی پۆلەکانی باخچەی ساوایان پێکدەهێنێت، کەمترین ژمارەی پۆلیش دەکەوێتە باخچەی منداڵانی چرۆ لە گەڕەکی شارستانی، ژمارەی پۆلەکانی دەگاتە (٤) پۆل و (٢٧٪)ی ڕێژەی پۆلەکان پێکدەهێنێت.

هۆکاری گەورەیی باخچەی منداڵانی پەپوولە لە ڕووی ژمارەی (منداڵ، مامۆستا، پۆل) دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە جوگرافیەکەی، کە شوێنێکی نیمچە سەنتەری هەیە سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە و گەڕەکەکانی سورێن و ئازادی شارەوانی لێیەوە نزیکن، کە بێبەشن لە باخچەی منداڵان، واتە زۆرترین ژمارەی دانیشتوان سوودمەندن لەم باخچەیە، هۆکاری کەمترین ژمارەی (مامۆستا، منداڵ، پۆل) لە باخچەی منداڵانی چرۆ دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە جوگرافیەکەی، کە دەکەوێتە ئەو پەڕی باکووری شاری هەڵەبجەی تازە، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی ترەوە، هۆکاری

کۆمەڵایەتی بە تایبەت گرنگینەدانی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە بە پەروەردەی سەرەتایی، بۆیە کەمتر منداڵانیان دەخەنە بەر باخچەی منداڵان.

خشتەی (١) ژمارە و ڕێژەی باخچەی منداڵان، منداڵ، مامۆستا و پۆل لەسەر ئاستی گەڕەک لە شاری هەڵەبجەی تازە لە ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

| ژ | باخچەی منداڵان | گەڕەک | ژ.منداڵ | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چرۆ | شارستانی | ١٠٨ | ٢١ | ١٢ | ٢٢ | ٤ | ٢٧ | باکوری ڕۆژهەڵات |
| ٢ | پەپوولە | مامۆستایان | ٢٠٢ | ٤٠ | ٢٤ | ٤٥ | ٦ | ٤٠ | ڕۆژهەڵات |
| ٣ | سارا | بەختیاری | ١٩٩ | ٣٩ | ١٨ | ٣٣ | ٥ | ٣٣ | ڕۆژئاوا |
| کۆی گشتی | ٣ | ٣ | ٥٠٩ | ١٠٠ | ٥٤ | ١٠٠ | ١٥ | ١٠٠ | |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی شارەزوور ، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢-٢٠٢٣.

**باسی دووەم/ دابەشبوونی جوگرافیی قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی**

ئەم قۆناغە لەدوای باخچەی منداڵان دەستپێدەکات دوای ئەوەی منداڵ دەگاتە تەمەنی (٦) ساڵی دەخرێتە ئەم قۆناغەوە کە ماوەکەی (٩) ساڵە، لە پۆلی (١) دەستپێدەکات تا دەگاتە پۆلی (٩)، تەمەنی قوتابی لەم قۆناغەدا لە نێوان (٦-١٥) ساڵیدایە، ئەم قۆناغە بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت بۆ تەواوی قۆناغەکانی تر. (گۆران، ٢٠٢٢، ل١٤)، سەبارەت بە خوێندنگە بنەڕەتیەکان لە شاری هەڵەبجەی تازە دابەش دەبن بەسەر سێ قۆناغدا ئەوانیش: قۆناغی (١-٦)، (٧-٩)، (١-٩) دەگرێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر هەر قۆناغێکمان بە جیا باس کردوە، قوتابخانەکانیش دابەش بوون بەسەر گەڕەکەکانی شاردا بەم شێوازەی خوارەوە:-

**یەکەم: قۆناغی بنەڕەتی (١-٦)**

ئەم قۆناغە تەمەنی (٦-١١) ساڵی دەگرێتەوە، ئەو قوتابخانانەی کە تایبەتن بەم قۆناغە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتین لە (٩) قوتابخانە، و دەکەونە بەشەکانی باکوور، ڕۆژهەڵات، باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە. کە دابەش بوون بەسەر (٦) گەڕەکدا، لە ڕووی ڕەگەزیشەوە سەرجەم خوێندگاکان تێکەڵاون، وەک لە خشتە و نەخشەی (٢) دیارە.

بەسەرنجدان لە خشتەی (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە:-

١- زۆرترین ژمارەی قوتابخانەی بنەڕەتی (١-٦) دەکەوێتە گەڕەکی سورێن کە ژمارەیان (٣) قوتابخانەیە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بینایەی پێویست لەو گەڕەکە، هەرچی گەڕەکەکانی (شارستانی، ڕزگاری، ئازادی، ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوا، هەواری شار) بێبەشن لە قوتابخانەی بنەڕەتیی قۆناغی (١-٦).

٢- زۆرترین ژمارەی قوتابی دەکەوێتە قوتابخانەی (هیوای بنەڕەتی) لە گەڕەکی سورێن و ژمارەی قوتابیان لەم قوتابخانەیەدا دەگاتە (٨٧٦) قوتابی و ڕێژەی (١٧.٢٪) قوتابیانی قۆناغی

| ژ | قوتابخانەی بنەڕەتی (١-٦) | گەڕەک | ژ.قوتابی | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هیوا | سورێن | ٨٧٦ | ١٧.٢ | ٨٠ | ١٨.٢ | ١٨ | ١٦.٣ | ڕۆژهەلات |
| ٢ | هەتاو | | ٥٨١ | ١١.٤ | ٥٦ | ١٢.٨ | ١٢ | ١١.١ | |
| ٣ | بێساران | | ٣٨١ | ٧.٥ | ٣٦ | ٨.٢ | ١٢ | ١١.١ | |
| ٤ | شارەزوور | بەختیاری | ٦٤٣ | ١٢.٦ | ٥٤ | ١٢.٣ | ١٢ | ١١.١ | ڕۆژئاوا |
| ٥ | سرود | ڕزگاری | ٣٩٦ | ٧.٨ | ٣١ | ٧ | ١٢ | ١١.١ | |
| ٦ | نالی | شارەوانی | ٣٥٤ | ٧ | ٣٦ | ٨.٢ | ٦ | ٦ | باشوری ڕۆژهەلات |
| ٧ | دەرسیم | | ٨٣٥ | ١٦.٨ | ٦٠ | ١٣.٦ | ١٢ | ١١.١ | |
| ٨ | شۆڕش | مامۆستایان | ٣٦٦ | ٧.٢ | ٢٥ | ٥.٧ | ١٢ | ١١.١ | ڕۆژهەلات |
| ٩ | ئەحمەد موختار | هەواران | ٦٤٤ | ١٢.٦ | ٦٢ | ١٤ | ١٢ | ١١.١ | باکوور |
| کۆی گشتی | ٩ | ٦ | ٥٠٧٦ | ١٠٠ | ٤٤٠ | ١٠٠ | ١٠٨ | ١٠٠ | |

بنەڕەتی (١-٦) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێت، کەمترین ژمارەی قوتابی دەکەوێتە قوتابخانەی (نالیی بنەڕەتی) لە گەڕەکی شارەوانی، کە ژمارەی قوتابیان لەم قوتابخانەیە (٣٥٤) قوتابییە و ڕێژەی (٧٪)ی قوتابیان لە قۆناغی بنەڕەتی (١-٦) پێکدەهێنێت.

٣- لە ڕووی ژمارەی مامۆستاوە، زۆرترین مامۆستا دەکەوێتە قوتابخانەی (هیوای بنەڕەتی) کە ژمارەیان دەگاتە (٨٠) مامۆستا، و (١٨.٢٪) کۆی ژمارەی مامۆستایان لەم قۆناغەی خوێندن پێکدەهێنن، کەمترین ژمارەش دەکەوێتە (قوتابخانەی شۆڕشی) بنەڕەتی لە گەڕەکی مامۆستایان ژمارەیان دەگاتە (٢٥) مامۆستا و ڕێژەی (٥.٧٪) مامۆستایان پێکدەهێنن.

٤- لە ڕووی ژمارەی پۆلەوە، زۆرترین پۆل دەکەوێتە قوتابخانەی هیوای بنەڕەتی لە گەڕەکی سورێن، ژمارەی پۆلەکانی دەگاتە (١٨) پۆل و ڕێژەی (١٦.٣٪) پۆلەکان پێکدەهێنێت، کەمترین

پۆلیش دەکەوێتە قوتابخانەی (نالیی بنەڕەتی) لە گەڕەکی شارەوانی کە ژمارەی پۆلەکانی (٦) پۆلە و ڕێژەی (٦٪) پۆلەکان پێکدەهێنێت.

خشتەی (٢) ژمارە و ڕێژەی (قوتابخانە، قوتابی، مامۆستا و پۆل) بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦) لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

سەرچاوە/ کاری تویژەران پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی شارەزوور، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢-٢٠٢٣.

**دووەم: قۆناغی بنەڕەتی (٧-٩)**

قوتابیان لەم قۆناغەی خویندندا لە تەمەنی (١٢-١٥) ساڵیدان، ئەو قوتابخانەی کە تایبەتن بەم قۆناغە دابەش دەبن بەسەر (٤) گەڕەک و ژمارەیان دەگاتە (٧) قوتابخانە و دەکەونە بەشەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور و ڕۆژئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە، وەک لە خشتەی (٣) و نەخشەی (٢) خراوەتەڕوو، لە ڕووی ڕەگەزی قوتابیانەوە (٤) قوتابخانەیان تایبەتە بە کوڕان و (٣) قوتابخانەشیان تایبەتە بە کچان.

بە ڕوانین لە خشتەی (٣) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی قوتابیان لە قۆناغی بنەڕەتی (٧-٩) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە (٢٤٨١) قوتابی و ژمارەی مامۆستایان لەم قۆناغەدا دەگاتە (٢٣٣) مامۆستا و (٤٦) پۆل، لەم بارەوە توێژینەوەکە گەیشتوە بە چەند خاڵێک لەوانە:-

١- لە ڕووی دابەش بوونی قوتابخانەکان بەسەر گەڕەکەکانی شاردا: زۆرترین قوتابخانە لە قۆناغی بنەڕەتی (٧-٩) دەکەوێتە گەڕەکی (ڕزگاری)، کە ژمارەیان (٣) دانەیە، ئەوانیش قوتابخانەکانی (سەرکەوتن، ئاڵا و شەهیدانی خێڵی حەمە)ن.

٢- لە ڕووی ژمارەی قوتابیەوە: زۆرترین قوتابی کەوتونەتە قوتابخانەی (بێریڤان) لە گەڕەکی (مامۆستایان)، کە ژمارەی قوتابیان لەو قوتابخانەیە دەگاتە (٥٤٩) قوتابی و ڕێژەی (٢٢.١٪) قوتابیان پێکدەهێنێت، کەمترین قوتابی کەوتونەتە قوتابخانەی (پێشکەوتن) لە گەڕەکی (شارەوانی)، ژمارەی قوتابیان لەم قوتابخانە دەگاتە (١٢٧) قوتابی و ڕێژەی (٥.١٪) قوتابیان پێکدەهێنێت.

٣- لە ڕووی ژمارەی مامۆستایانەوە: زۆرترین ژمارەی مامۆستا دەکەوێتە قوتابخانەی (بێریڤان)، کە ژمارەیان (٥٢) مامۆستایە و ڕێژەی (٢٢.٣٪)ی مامۆستایان پێکدەهێنن، کەمترین ژمارەش دەکەوێتە قوتابخانەی (پێشکەوتن)، کە ژمارەیان (١٥) مامۆستایە و ڕێژەیان دەگاتە (٦.٤٪) مامۆستایان.

٤- لە ڕووی ژمارەی پۆلەوە: زۆرترین ژمارەی پۆل کەوتۆتە قوتابخانەی بێریڤان لە گەڕەکی مامۆستایان کە ژمارەی پۆلەکانی ئەم قوتابخانەیە دەگاتە (١٨) پۆل و لە (٢٠.٥٪) ڕێژەی پۆلەکان

پێکدەهێنێت و کەمترین ژمارەی پۆلیش دەکەوێتە قوتابخانەی پێشکەوتن لە گەڕەکی شارەوانی، کە ژمارەی پۆل لەم قوتابخانەیە (٧) پۆلە و (٨٪) ڕێژەی پۆلەکان پێکدەهێنێت.

سەبارەت بە دابەشبوونی جوگرافیی قوتابخانە بنەڕەتیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، زۆرترین ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتیەکان دەکەونە گەڕەکی (سورێن)، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەراهەمبوونی بینای پێویست بۆ قوتابخانەکان لەم گەڕەکەدا، هەرچی گەڕەکی ئازادییە بێبەشە لە قوتابخانەی بنەڕەتی، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بینای پێوسیت بۆ دامەزراندنی قوتابخانە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، هۆی بوونی پشتێنەی بازرگانی کە کەوتۆتە ئەم گەڕەکە بواری بە دروستکردنی قوتابخانە نەداوە. بۆیە قوتابیانی ئەم گەڕەکە بۆ درێژەدان بە خوێندن لە قۆناغەکانی بنەڕەتی پشتیان بە قوتابخانەی گەڕەکەکانی سورێن و شارەوانی بەستوە.

خشتەی (٣) ژمارە و ڕێژەی قوتابخانە، قوتابی، مامۆستا و پۆل بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (٧-٩) لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

| ژ | قوتابخانەی بنەڕەتی (٧-٩) | گەڕەک | ژ.قوتابی | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بێریڤان | مامۆستایان | ٥٤٩ | ٢٢.١ | ٥٢ | ٢٢.٣ | ١٨ | ٢٠.٦ | ڕۆژهەلات |
| ٢ | پێشکەوتن | شارەوانی | ١٢٧ | ٥.١ | ١٥ | ٦.٤ | ٧ | ٨ | باشوور |
| ٣ | ئالآ | ڕزگاری | ٣٧٤ | ١٥ | ٣٠ | ١٢.٨ | ١٢ | ١٣.٧ | ڕۆژئاوا |
| ٤ | شەهیدانی خێڵی حەمە | | ٣٢٩ | ١٣.٢ | ٢٩ | ١٢.٤ | ١٢ | ١٣.٧ | |
| ٥ | سەرکەوتن | | ٤٢٢ | ١٧ | ٣٣ | ١٤.١ | ١٢ | ١٣.٧ | |
| ٦ | هەورامان | سورێن | ٤٧٧ | ١٩.٢ | ٤٨ | ٢٠.٦ | ١٧ | ٢٠ | ڕۆژهەڵات |
| ٧ | مەشخەڵان | | ٢٠٣ | ٨.١ | ٢٦ | ١١.١ | ٩ | ١٠.٣ | |
| کۆی گشتی | ٧ | ٤ | ٢٤٨١ | ١٠٠ | ٢٣٣ | ١٠٠ | ٨٧ | ١٠٠ | |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بە سوودوەرگرتن لە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەی شارەزوور، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢- ٢٠٢٣.

**سێیەم: قۆناغی بنەڕەتی (١-٩)**

سەبارەت بە قوتابخانەی بنەڕەتی (١-٩) لە شاری هەڵەبجەی تازە، هەروەکو لە نەخشەی (٢) و خشتە(٤)دا دەردەکەوێت تەنها (١) قوتابخانەی تێدایە، کە دەکەوێتە باکووری ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەویش قوتابخانەی (سەردەمی بنەڕەتیە) دەکەوێتە گەڕەکی (هەواران) ژمارەی

قوتابییەکانی دەگاتە (١٠٢٨) قوتابی و لە (٩) پۆل پێکدێت، ژمارەی مامۆستایانی دەگاتە (٧٣) مامۆستا و لە ڕووی ڕەگەزەوە قوتابخانەکە تێکەڵاوە.

خشتەی (٤)ژمارە و ڕێژەی قوتابخانە، قوتابی، مامۆستا و پۆل بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٩) لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣
سەرچاوە/ کاری توێژەران بە سوودوەرگرتن لە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوبەرێتیی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شارەزوور، ٢٠٢٢- ٢٠٢٣.

**باسی سێیەم: قۆناغی ئامادەیی**

دوای ئەوەی قوتابی قۆناغی (٩)ی بنەڕەتی بەسەرکەوتوویی بڕی دەگاتە ئەم قۆناغەی خوێندن، کە بە قۆناغی ئامادەیی ناودەبرێت، ئامانج لەم قۆناغەی خوێندن ئامادەکردنی قوتابییە بۆ خوێندنی زانکۆ، ماوەی خوێندن لەم قۆناغەدا (٣) ساڵە و لە دوو بەش پێکدێت (وێژەیی و زانستی) قوتابی ئازادە بە پێی توانا و لێهاتوویی خۆی بەشێکیان هەڵبژێرێت. (حاجی محمد، ٢٠٢٢، ل٧٩).

لە ناوچەی توێژینەوە (٥) خوێندنگەی ئامادەیی هەن و دابەش بوون بەسەر گەڕەکەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە ڕووی ڕەگەزەوە (٢) خوێندنگەیان هی کچانە و (٣) خوێندنگەیان هی کوڕانە، بە شێوەیەکی ناڕێک دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکاندا، وەک لە خشتەی (٥) و نەخشەی (٢) ڕوونکراوەتەوە.

بەسەرنجدان لە خشتەی (٥) ئەم زانیاریانەمان بۆ دەردەکەوێت:-

١- زۆرترین ژمارەی خوێندنگە ئامادەیەکانی دەکەونە گەڕەکی مامۆستایان، کە ژمارەیان (٣) خوێندنگەیە، چونکە ئەم گەڕەکە لەلایەک شوێنێکی نیمچە سەنتەری هەیە و لەلایەکی ترەوە گواستنەوەی ئامادەیی مەولەویی ئێوارانە لە گەڕەکی شارەوانی بۆ گەڕەکی مامۆستان، بەهۆی مەترسی لە ڕووخانی خوێندنگەکە، ئەمەش کاریگەریی هەبوە لەسەر ئەم جۆرە دابەشبوونە.

٢- زۆرترین ژمارەی خوێندکار دەکەوێتە قوتابخانەی شەهید سیروانی کچان لە گەڕەکی (بەختیاری)، کە ژمارەی خوێندکاران لەو خوێندنگەیە دەگاتە (٦٢٨) خوێندکار و (٣١.٧٪) ڕێژەی

| ژ | قوتابخانە | گەڕەک | ژ.قوتابی | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەردەم | هەواران | ١٠٢٨ | ١٠٠ | ٧٣ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | باکور |

خوێندکارانی ئامادەیی پێکدەهێنێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، کەمترین ژمارەش دەکەوێتە

خوێندنگەی مەولەویی ئێواران، کە ژمارەیان (١٦٣) خوێندکار و (٨.٢٪)ی ڕێژەی خوێندکاران پێکدەهێنن.

٣- لە ڕووی ژمارەی مامۆستاوە: زۆرترین ژمارەی مامۆستا دەکەوێتە خوێندنگەی شەهید دانای کوڕان لە گەڕەکی ئازادی، کە ژمارەیان (٦١) مامۆستایە و (٢٩.٩٪)ی ڕێژەی مامۆستایان پێکدەهێنێت، کەمترین ژمارەش دەکەوێتە خوێندنگەی شەهید زانای کوڕان لە گەڕەکی مامۆستایان کە ژمارەیان دەگاتە (٢٧) مامۆستا و (١٣.٢٪)ی ڕێژەی مامۆستایان پێکدەهێنن.

٤- زۆرترین ژمارەی پۆل دەکەوێتە خوێندنگەی شەهید سیروانی کچان لە گەڕەکی بەختیاری، کە ژمارەی پۆلەکانی ئەم خوێندگەیە (٢٣) پۆلە و (٢٩.٤٪)ی ڕێژەی پۆلەکانی خوێندنگە ئامادەیەکان پێکدەهێنێت، کەمترین ژمارەش دەکەوێتە خوێندنگەی مەولەویی ئێواران کە (٦) پۆلی خوێندن لەم خوێندنگەیە بەکاردەهێنرێت و (٧.٦٪) پۆلەکان پێکدەهێنن.


بەگشتی زۆرترین ڕێژەی خوێندنگە ئامادەیەکان دەکەونە گەڕەکی مامۆستایان کە لە (٦٠٪) خوێندنگە ئامادەیەکان پێکدەهێنێت و هەریەکە لە گەڕەکەکانی بەختیاری و ئازادی (٢٠٪) خوێندنگە ئامادەیەکان لەخۆدەگرن.

خشتەی (٥) ژمارە و ڕێژەی خوێندنگە، خوێندکار، مامۆستا و پۆل بۆ خوێندنگە ئامادەیەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجەی تازە لە ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

| ژ | خوێندنگە | گەڕەک | ژ.خوێندکار | ٪ | ژ.مامۆستا | ٪ | ژ.پۆل | ٪ | ئاراستە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شەهید سیروانی کچان | بەختیاری | ٦٢٨ | ٣١.٧ | ٥٧ | ٢٧.٩ | ٢٣ | ٢٩.٤٨ | ڕۆژئاوا |
| ٢ | شەمیرانی کچان | مامۆستایان | ٤٢٥ | ٢١.٤ | ٤٧ | ٢٣ | ١٨ | ٢٣ | ڕۆژهەلات |
| ٣ | شەهید زانای کوڕان | | ٢٢٤ | ١١.٣ | ٢٧ | ١٣.٢ | ١٠ | ١٢.٨ | |
| ٤ | مەولەوی ئێواران | | ١٦٣ | ٨.٢ | ١٢ | ٥.٨ | ٦ | ٧.٦ | |
| ٥ | شەهید دانای کوڕان | ئازادی | ٥٣٨ | ٢٧.١ | ٦١ | ٢٩.٩ | ٢١ | ٢٦.٩ | باشور |
| کۆی گشتی | ٥ | ٣ | ١٩٧٨ | ١٠٠ | ٢٠٤ | ١٠٠ | ٧٨ | ١٠٠ | |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بە سوودوەرگرتن لە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوبەریتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شارەزوور، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢- ٢٠٢٣.

نەخشەی (٢) دابەشبوونی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری هەڵەبجەی تازە لە ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣



سەرچاوە/ کاری تویژەران پشتبەست بە: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی سلێمانی، سەرۆکایەتیی شارەوانیی شارەزوور، ٢٠٢٣.

## بەشی دووەم

## شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە

لە بنەڕەتدا جوگرافیا بریتیە لە زانستی شوێن، کە هەوڵدەدات و دەگەڕێت بەدوای دیاردە جوگرافیەکان و دۆزینەوەی پێکهاتە شوێنیەکان و شێوازی بڵاوبوونەوەیان بە درێژایی کات و شوێن، هەروەها بە مەبەستی تیشکخستنەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی بە تێپەڕبوونی کات بەسەر پێکهاتە شوێنیەکان دێن. (حمد، ٢٠١٦، ل٢٣٤)، تویژەرانی جوگرافیاش گرنگی بە شیکردنەوەی شوێنی داتاکان و پراکتیزەکردنیان لە بوارە جیاجیاکان دەدەن. لە شیکاریی شوێنیدا هەر دیاردەیەک ڕووبەرێکی شوێنی و بڵاوبوونەوە و دابەشبوونێکی دیاریکراوی هەیە. ئامانج لەم جۆرە شیکردنەوەیە دۆزینەوەی پەیوەندیەکان و پێکەوەبەستنی توخمەکانی دیاردەکەیە بۆ گەیشتن بە بونیادی شوێنی بۆ دیاردە شوێنیەکان. (مصطفی، ٢٠٢٢، ل٢٣) تایبەتمەندیی جوگرافیاش بە زۆری پێوەرەکان دەربارەی دابەشبوونی دیاردەکانە، بۆیە دەکرێت زیاتر لە پێوەرێک بەکاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان. لەم بەشەدا هەریەک لە پێوەرەکانی (ناوەندی شوێنی Mean center)، (ئاراستەی دابەشبوون Direction Distribution)، (دووریی پێوانەیی Standard Distance) بەکاردێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت و تایبەتمەندیی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە.

### باسی یەکەم: ناوەندی شوێنی (Mean center)

جوگرافیناسان لە لێکۆڵینەوەکانی دابەشبوونی شوێنیدا پێوەری (ناوەندی شوێنی Mean center) بەکاردەهێنن بە ئامانجی دیاریکردنی چەقی ناوەندی بۆ هەر دابەشبوونێکی شوێنی، ئەمەش لە ڕێگەی هەژمارکردنی ناوەندی تەوەرەکانی (X-Y) واتە ناوەندی تەوەرەکانی (هێلەکانی درێژی و بازنەکانی پانی) بۆ گشت دیاردە جوگرافیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەم پێوەرە سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ پێوانەکردنی ماوەی گۆڕانی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، یان بۆ بەراوردکردنی نێوان دابەشبوونی ڕەگەزەکانی نێوان دوو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێکی دیاریکراودا، یاخود بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێک کە پێویستە شوێنی ناوەندی هەبێت، بۆ نموونە شوێنە بازرگانیەکان و خزمەتگوزاریە گشتیەکان. (علی،٢٢٢: ل٩٦)

لە نەخشەی (٣) دەردەکەوێت ناوەندی شوێنی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی تویژینەوە دەکەوێتە شوێنێک چەقی ناوندی سەنتەری شارە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەلایەک شارەکە بە شێوازێکی هەندەسی بنیاتنراوە، دەبینین خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بە شێوازێکی یەکسان بەسەر گەڕەکەکانی شاردا دابەشبوون. لەلایەکی تر، ئەو ناوچەیە خاڵی

بەیەکگەیشتنی زۆربەی خزمەگوزاریە جۆراوجۆرەکانە، سەرەڕای ئەوەش ڕێگایەکی سەرەکی شارەکە بەم ناوچەیەدا تێپەڕدەبێت، ئەمەش لایەنێکی باشی ئەم خزمەتگوزاریەیە کە شوێنێکی سەنتەریان وەرگرتوە و لە چەقی ناوچەی توێژینەوەدا چڕبوونەتەوە.

**باسی دووەم: ئاراستەی دابەشبوون (Directional Distribution)**

پێوەری ئاراستەی دابەشبوون (Directional Distribution) بەکاردەهێرێت بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت ئاراستەیەکی دیاریکراوی هەبێت، لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم پێوەرەدا دەتوانرێت شێوەیەکی هێلکەییمان دەستبکەوێت، کە گوزارشت لە تایبەتمەندیەکانی ئاڕاستەی دابەشبوون بکات لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا. ئەم پێوەرە بە پێوەرێکی گونجاو دادەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی هەردوو تەوەرەی (X-Y) لە ناوەندی چەقی خزمەتگوزاریی فێرکاری، بەمەش ڕێگای پێوانەکردنی دووریی پێوانەیی جیاواز نیە لە ڕێگەی ئاراستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc gis)، تەنها ئەوە نەبێت کە شێوەی هێلکەیی دەنوێنێت لەژێر ناوی پێوەری (Directional Distribution Ellipse). (ڕەواندزی، ٢٠١٧، ل ٢٠٠).

لەدوای جێبەجێکردنی پێوەری ئاڕاستەی دابەشبوون (Directional Distribution) لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc gis) لەسەر خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە توێژینەوەکە هەروەکو لە خشتەی (٦) و نەخشەی (٣) دا دەردەکەوێت، کەوا:-

١- ئاڕاستەی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە شێوەی هێلکەیی وەرگرتوە، لە باشووری ڕۆژئاوا بەرەوە باکووری ڕۆژهەڵات درێژبوەتەوە.

٢- پلەی سووڕانەوە ٦٤.٧ پلەیە.

٣- ڕێژەی سەدی ژمارەی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکانی ناو شێوەی هێلکەیی (٥٤٪).

خشتەی (٦) ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە لە ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

| بەهای تەوەرەکانی ئاڕاستەی دابەش بوون | | | ڕێژەی سەدی ژمارەی خزمەتگوزاری فێرکاریەکانی ناو شێوەی هێلکەیی |
|---|---|---|---|
| بەهای (X)م | بەهای (Y)م | پلەی سوڕانەوە | |
| ٩٧٨ | ٧١٤ | ٦٤.٧ | ٥٤٪ |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی ئاراستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc gis 10.7).

**باسی سێیەم: دووریی پێوانەیی (Standard Distance)**

دووریی پێوانەیی یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی بڵاوبوونەوەی دابەشبوونی شوێنەکان، یەکێکشە لە باوترین ئەو پێوەرانەی کە سوودی لێوەردەگیرێت بۆ پێوانی پلەی دیاردەکان لە

دابەشبوونی شوێنیدا، ئەمە جگە لەوەی کە لە ڕێگەی ئەم پێوەرەوە بازنەیەک لە چوارچێوەی خاڵەکاندا دروستدەکرێت، کە خاڵی سەنتەر ناوەندی چەقی بازنەکەیە، نیوە تیرەکەی یەکسانە بە ماوەی پێوانەیی و بازنەکەش بە بازنەی پێوانەیی ناودەبرێت (Standard Circle). (صالح، ٢٠١٦، ل٦)، لەڕاستیدا ئەم بازنەیە (٦٨.٢٧٪) ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەگرێتەخۆ ئەگەر دابەشبوونەکە سروشتی بێت، جگە لەمە سروشتی دابەشبوونەکە دەگۆڕێت لەژێر کاریگەریی هۆکارەکاندا. (حمدامین. ٢٠١٦، ل٨٦٥) بە ئامانجی گەیشتن بە دیاریکردنی دووریی پێوانەیی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە پشتمان بە تەکنیکی (Standard Distance) بەستوە لەژێر هەردوو لیستی (Measuring Geographic Distribution) و ( Spatial statistic tool) بە بەرنامەی (Arc gis).

هەروەکو لە خشتەی (٧) و نەخشەی (٣)دا تایبەتمەندیی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە بەگوێرەی دووریی پێوانەیی دەردەکەوێت، کە خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە شاری هەڵەبجەی تازە بە دەوری ناوەندە شوێنەکەیاندا مەیلیان بەرەو دابەشبوونی سروشتی دەچێت، بەو واتایەی شێوازێکی هەڕەمەکی وەرگرتوە، چونکە دووریی پێوانەیی لە ڕێژەی سروشتی جیاوازە، بە جۆرێک (٥٨٪) ڕەگەزەکان کەوتوونەتە نێو بازنەکەوە کە نیوەتیرەی دووریی پێوانەییەکەی دەگاتە (٨٥٦ م) و ڕووبەرەکەی (١٧١١ م) و لە (٢٩٪) ڕووبەری شارەکە پێکدەهێنێت، سەرەڕای ئەوەی نیوە زیاتری ڕەگەزەکانی دیاردەکە کەوتوونەتە ناو بازنەکەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە شێوەی کۆکراوەیان وەرگرتوە.


خشتەی (٧)

نرخی دووریی پێوانەیی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە لەساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

| نرخی دووری پێوانەیی (م) | ڕوبەری بازنە (م) | ٪ لەروبەری شار | ڕێژەی سەدی خزمەتگوزاری فێرکاری نێو بازنە | شێواز |
|---|---|---|---|---|
| ٨٥٦ | ١٧١١ | ٢٩ | ٪٥٨ | کۆکراوە |

سەرچاوە/ بنکەی زانیاریە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی ئاراستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc gis 10.7).

نەخشەی (٣) ناوەندی شوێنی، ئاراستەی دابەشبوون و دووریی پێوانەیی خزمەتگوزاریی




فێرکاری لەشاری هەڵەبجەی تازە لەساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەست بە: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی سلێمانی، سەرۆکایەتیی شارەوانیی شارەزوور، ٢٠٢٣.

## بەشی سێیەم

## جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاریەکان لە هەر شار و شارۆچکەیەک، توێژەران هەڵدەستن بە بەراوردکردنی خزمەتگوزاریەکان بە کۆمەڵێک پێوەری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، کە یارمەتیدەرێکی سەرەکی و بەرچاوڕوونیەکی باشە بۆ کاربەدەستان و پلاندانەرانی شار، تا بزانن کە ئایا ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە دانیشتوانیان دەکرێت لە چ ئاستێک دایە؟ لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش پشتمان بەستوە بە پێوەری عێراقی بۆ زانینی ئاستی ئەم خزمەتگوزاریە لە شاری هەڵەبجەی تازە، چونکە هەڵەبجەی تازە یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، تا ئێستاش بۆ زۆرێک لە کاروبارە کارگێڕیەکانمان پشت بە عێراق دەبەستین.

**١- پێوەری دانیشتوان**

پەیوەندیی نێوان ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی قوتابخانەکان پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە، واتە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ژمارەی قوتابخانەکانیش زیاد دەکات، ئەم زیادبوونەش هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوە، (غضبان، ٢٠١٣: ص١٨٦) چونکە بە زیادبوونی دانیشتوان پێداویستی بۆ ئەم خزمەتگوزاریەش زیاددەبێت. بەپێی پێوەری وەزارەتی پلاندانانی عێراقی بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن ژمارەیەکی جیاواز لە دانیشتوان دیاریکراوە، بۆ هەر باخچەیەکی منداڵان (٥٠٠٠) کەس و بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی پۆلەکانی (١-٦) (٢٥٠٠) کەس، هەر قوتابخانەیەکی بنەڕەتی پۆلەکانی (٧-٩) بەرانبەر بە (٥٠٠٠) کەس، بۆ قۆناغی ئامادەیی (١٠٠٠٠) دیاریکراوە. ناوچەی توێژینەوە ژمارەی دانیشتوانی پێشنیازکراوی لە ساڵی (٢٠٢٢)دا (٤٨٩١٤) کەسە، (فەرمانگەی ئاماری شارەزوور، ٢٠٢٣)، بەپێی پێوەری عێراقی پێویستی بە نزیکەی (١٠) باخچەی ساوایان، (٢٠) قوتابخانەی بنەڕەتی (١-٦)، (١٠) قوتابخانەی بنەڕەتی (٧-٩) و (٥) قوتابخانەی ئامادەیی هەیە.

هەروەکو لە خشتەی (٨) دا دەردەکەوێت کە خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی پێوەری دانیشتوان و بەگوێرەی پێوەری عێراقی لە ئاستێکی نزمدایە، بە جۆرێک لە ناوچەی توێژینەوە (٣) باخچەی منداڵان هەن، ئەمەش کەمترە لەو ژمارەیەی کە پێوەری عێراقی دایناوە، کە پێویستی بە (٧) باخچەی منداڵانە، قوتابخانەی بنەڕەتیی قوناغی (١-٦)، (١١) قوتابخانە و هی قۆناغی (٧-٩)، (٢) قوتابخانەی کەمە، بەڵام خوێندنگەکانی قۆناغی ئامادەیی هاوتای پێوەری عێراقین.

خشتەی (٨) پێوەرەکانی پلاندانان بۆ هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی پێوەری دانیشتوان لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

| خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان | پێوەری دانیشتوان | دۆخی خزمەتگوزاری فێرکاری | ئاستی خزمەتگوزاریەکان |
|---|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | ٥٠٠٠ | ٣ | ⬇(٧)(*) |
| قۆناغی بنەڕەتی ١-٦ | ٢٥٠٠ | ٩ | ⬇(١١) |
| قۆناغی ٧-٩ | ٥٠٠٠ | ٨ | ⬇(٢) |
| قۆناغی ئامادەیی | ١٠٠٠٠ | ٥ | = |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری شارەزوور، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

٢- پاشکۆی (١).

**٢- پێوەری ژمارەی قوتابی**

ئەم پێوەرە توانای لەخۆگرتنی دامەزراوە فێرکاریەکان (باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە) بۆ ژمارەیەکی گونجاوی (منداڵی باخچە و قوتابی و خوێندکار) دیاریدەکات. (علی، ٢٠٢٢، ل١٣٠) لەم پێوەرەدا بەرکەوتەی ژمارەی (منداڵان و قوتابی و خوێندکار) لە هەریەکە لە (باخچەی منداڵان و قوتابی و خویندنگە) لە ناوچەی توێژینەوە دەخەینەڕوو:-

**أ-پێوەری ژمارەی منداڵ/ باخچەی منداڵان**

پشتبەست بە پێوەری عێراقی پێویستە ژمارەی منداڵان لە باخچەی ساوایان لە نێوان (١٠٠-١٢٠) قوتابی بێت بە سەرنجدان لە خشتەی (٩) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی منداڵان لە هەریەکە لە باخچەکانی (پەپوولە و سارا) لە پێوەری عێراقی زۆرترە و هەرچی باخچەی منداڵانی چرۆیە ژمارەی منداڵانی دەگاتە (١٠٨) منداڵ، کە ئەمەش هاوتای پێوەری عێراقییە.

**ب- پێوەری ژ. قوتابی/ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦)**

بەپێی پێوەری عێراقی، پێویستە ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦)، (٤٣٢) قوتابی بێت، لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦)ی ناوچەی توێژینەوە لە کۆی (١٠)

(*) ⬆ زیاتر لە پێوەر    = هاوتای پێوەر    ⬇ کەمتر لە پێوەر    ✖ پێچەوانەی پێوەر

قوتابخانەدا (٦) قوتابخانەیان ژمارەی قوتابیانی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان زیاترە لە پێوەری بەکارهاتوو و لە هیچ قوتابخانەیەک ژمارەکە هاوتای پێوەرەکە نیە. خشتەی (١٠).

**ج- پێوەری قوتابی/ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (٧-٩)**

بەپێی پێوەری بەکارهاتوو ژمارەی قوتابیان لە قۆناغی (٧-٩)دا بە (٣٦٠) قوتابی بۆ قوتابخانەیەک دیاریکراوە، لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (٧-٩)، لە کۆی (٧) قوتابخانە (٤) قوتابخانەیان ژمارەی قوتابیانیان لە پێوەری عێراقی کەمترە و لە (٣) قوتابخانەی تر ژمارەی قوتابیان لە پێوەری ناوبراو زیاترە. خشتەی (١١).

**د-پێوەری خوێندکار/ خوێندنگە ئامادەیەکان:**

پشتبەست بەپێوەری عێراقی بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن پێویستە ژمارەی خوێندکاران لە خوێندنگە ئامادەیەکان (٤٠٨) خوێندکار بێت، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە کۆی (٥) خوێندنگە (٣) خوێندنگەیان ژمارەی خوێندکارانیان لە پێوەری عێراقی زیاترە و لە (٢) خوێندنگە ژمارەکە لە پێوەری ناوبراو کەمترە. خشتەی (١٢).

**٣-پێوەری پۆل/ باخچە/ قوتابخانە بنەڕەتیەکان/ خوێندنگە ئامادەییەکان**

یەکێکە لەو پێوەرانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شار و شارۆچکەکان، ئەم پێوەرە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، لەم توێژینەوەیەدا پێوەری عێراقی بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە خزمەتگوزاریەیە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

**ا-پێوەری پۆل/ باخچەی منداڵان**

پشتبەست بە پێوەری بەکارهاتوو پێویستە ژمارەی پۆلەکان لە باخچەی ساوایان ژمارەیان بگاتە (٤) پۆل لە هەر باخچەیەکی منداڵان لە شاری هەڵەبجەی تازە، هەروەکو لە خشتەی (٩) دیارە ژمارەی پۆلەکان تەنها لە باخچەی منداڵانی چرۆ هاوتای پێوەری عێراقییە لە باخچەکانی تر ژمارەی پۆلەکان زیاترە.

**ب- پێوەری پۆل/ قوتابخانە بنەڕەتیەکان(١-٦)**

بەگوێرەی پێوەری عێراقی پێویستە ژمارەی پۆلەکان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی (١-٦)، (١٢) پۆل بێت، بە سەرنجدان لە خشتەی (١٠) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژمارەی پۆلەکان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی (١-٦) لە کۆی (١٠) قوتابخانە لە (٧) قوتابخانەیان هاوتای پێوەری عێراقین و (١) قوتابخانە لە پێوەری ناوبراو کەمترە،

**ج- پێوەری پۆل/ قوتابخانە بنەڕەتیەکان(٧-٩)**

پشبەست بە پێوەری بەکارهاتوو ژمارەی پۆلەکان لەم قۆناغەی خوێندندا بە (١٢) پۆل دانراوە، لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەی پۆلەکان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی (٧-٩)، لە کۆی (٧) قوتابخانە لە (٣) قوتابخانە ژمارەی پۆلەکانی هاوتان و لە (٣) قوتابخانە ژمارەیان کەمترە لە پێوەری عێراقی. خشتەی (١١).

**د-پێوەری پۆل/ خوێندنگە ئامادەییەکان**

بەهەمان شێوەی قوتابخانە بنەڕەتیەکان پێوەری بەکارهاتوو (١٢) پۆلی داناوە بۆ خوێندنگە ئامادەییەکان، هەروەکو لە خشتەی (١٢) دەردەکەوێت ژمارەی پۆلەکان لە خوێندنگە ئامادەییەکان لە (٣) خوێندنگە زیاترە لە پێوەرەکە و لە (٢) خوێندنگە ژمارەی پۆلەکان کەمترن.

**٤- پێوەری قوتابی/ پۆل**

ئەم پێوەرە ئاماژەیە بۆ ژمارەی قوتابی و خوێندکاران لە هەر پۆلێکدا، ئەم پێوەرە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە ژینگەیەکی گونجاو و لەبار دەرەخسێنێت بۆ قوتابی و خوێندکاران بۆئەوەی سوود لە وانەکانی ڕۆژانە وەرگرن، ژمارەی فێرخوازان لە هەر پۆلێکدا بەشێکە لەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیان دەکرێت، ئەگەر هاتوو لە پێوەری دیاریکراو زیاتر بوو، ئەوا دەبێتە هۆی قەرەباڵغیی فێرخوازان لەناو پۆلێکیدا و زانیاریەکان بە باشی وەرناگرن، کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر کولیتیی خوێدن و دەبێت هۆی دابەزینی ئاستی فێرخوازەکە، ئەمە جگە لەوەی بارگرانیش دەکەوێتە سەر مامۆستاکە و ناتوانێت پەیامەی بە باشی بە هەموو فێرخوازان بگەیەنێت. (الجبوري، ٢٠١٧ ، ل١٠٨) لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەی منداڵ و قوتابی و خوێندکاران بە شێوەی جیاواز دابەشبوون بەسەر پۆلەکانی خوێندندا لەم بارەوە هەموو قۆناغەکانی دەدوێین:-

**ا- پێوەری ژمارەی منداڵ/ پۆل بۆ باخچەی منداڵان**

پێوەری عێراقی ژمارەی منداڵانی لە هەر باخچەیەکدا لە نێوان (٢٥-٣٠) منداڵ هەژمارکردوە، لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەی منداڵان تەنها لە باخچەی منداڵانی چرۆ هاوتای پێوەری ناوبراوە و لە باخچەکانی تر ژمارەی منداڵان لە پۆلەکان لە پێوەری بەکارهاتوو زیاترە. وەک خشتەی (٩) دیارە.

**ب-پێوەری ژمارەی قوتابی/ پۆل بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦)**

ژمارەی قوتابیان لە پۆلێدا بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن پێی پێوەری عێراقی بە (٢٥-٣٦) قوتابی هەژمارکراوە، لە ناوچەی توێژینەوەدا ژمارەی قوتابیان لە هەرپۆلێکدا لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦)، لە کۆی (١٠) قوتابخانە تەنها لە (٣) قوتابخانەیان هاوتای پێوەری عێراقیە و لە قوتابخانەکانی تر ژمارەکە زیاترە. وەک لە خشتە (١٠)دا دیارە.

**ج- پێوەری ژمارەی قوتابی/ پۆل بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (٧-٩)**

بە گوێرەی پێوەری بەکارهاتوو ژمارەی قوتابیان بۆ پۆلێکی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ئەم قۆناغە بە (٢٥-٣٠) قوتابی دەستیشانکراوە، هەروەکو لە خشتەی (١١)دا ڕوونکراوەتەوە لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی(٧-٩)ی ناوچەی توێژینەوە، تەنها لە (١) قوتابخانە ژمارەکە لە سەرووی پێوەرەوەیە، لە (٣) قوتابخانە هاوتایە و لە (٣) قوتابخانەی تر ژمارەکە کەمترە.

**د- پێوەری ژمارەی خوێندکار/ پۆل بۆ خوێندنگە ئامادەییەکان**

لە پێوەری عێراقی ژمارەی خوێندکاران بۆ پۆلێکی خوێندنگە ئامادەییەکان بە (٣٠) خوێندکار دانراوە، لە هەموو پۆلەکانی خوێندنگە ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە ژمارەی خوێندکاران بەراورد بە پێوەری عێراقی کەمترن. خشتەی (١٢).

**٥-پێوەری ژمارەی قوتابی/ مامۆستا**

یەکێکە لە پێوەرە گرنگانەی کە توانای (منداڵ، قوتابی، خوێندکار) بۆ تێگەشتن لە وانەکان هەڵدەسەنگێنێت و ڕادەی گەیاندنی زانیاری لەلایەن مامۆستایانەوە دەردەخات، چونکە تا ژمارەی فێرخوازان گونجاو بێت مامۆستا دەتوانێت باشتر بە دواداچوون و هەڵسەنگاندن بکات بۆ فێرخوازەکانی. (صالح، ٢٠١٦: ل١٢٠) ئەم پێوەرە تایبەتمەندە بە ژمارەی قوتابیان بۆ هەر مامۆستایەک واتە هەر مامۆستایەک چەند قوتابی بەردەکەوێت، پێوەری عێراقی بۆ هەر مامۆستایەک (٢٠) قوتابی دیاریکردوە، لە ناوچەی توێژینەوەدا ژمارەی قوتابیان بۆ هەر مامۆستایەک لە قۆناغەکانی خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

**ا-ژمارەی منداڵ/ مامۆستا لە باخچەی مندالان**

پێوەری عێراقی لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا بۆ هەر مامۆستایەک (٢٠) منداڵی هەژمارکردوە. بە سەنجدان لە خشتەی (٩) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لە شاری هەڵەبجەی تازە لە هیچ یەکێک لە باخچەی منداڵاندا ژمارەی منداڵ بۆ هەر مامۆستایەک ناگاتە (١٣) منداڵ، بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ژمارەکە بەراورد بە پێوەری بەکارهاتوو زۆر کەمترە.

**ب- پێوەری ژمارەی قوتابی/ مامۆستا بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکان و خوێندنگە ئامادەییەکان**

پێوەری عێراقی ژمارەی قوتابیانی بۆ هەر مامۆستایەک لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان بە (٢٠) قوتابی هەژمارکردوە و ژمارەی خوێندکارانیشی بۆ هەر مامۆستایەک لە نێوان (١٨-٢٠) خوێندکار دیاریکردوە. لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە هیچ قوتابخانەیەکی بنەڕەتی و خوێندنگەیەکی ئامادەیی ژمارەکە هاوتای پێوەری عێراقی نیە بەڵکو کەمترە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی مامۆستایان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن زیادن، وەک لە خشتەی (١٠-١١-١٢) خراوەتەڕوو.

**٦- پێوەری ڕووبەر**

مەبەست لە پێوەری ڕووبەر بریتیە لە کۆی ڕووبەری گشتیی تەرخانکراو بۆ سەرجەم خزمەتگوزاریەکانی خوێندن وەک (هۆڵەکانی خوێندن، یاریگا، باخچە، تاقیگە، کۆگا و شوێنی چالاکیەکانی تر)، ئەم پێوەرە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گەشەکردنی زانستی و فێرکاریی قوتابیان، بۆیە بە یەکێک لە پێوەرە گرنگەکان دادەنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان. (حاجی محمد، ٢٠٢٢، ل١٤٥) لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ڕووبەری باخچە و قوتابخانە و خوێندنگەکانی ناوچەی توێژینەوە بەراورد بە پێوەری عێراقی هەڵیدەسەنگێنین:-

**ا- پێوەری ڕووبەر/ باخچەی منداڵان**

بەگوێرەی پێوەری عێراقی ڕووبەری گشتیی باخچەی منداڵان پێویستە لە نێوان (٣٠٠٠–٣٥٠٠م٢) بێت، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هەریەکە لە باخچەی منداڵانی (چرۆ و سارا) ڕووبەرەکەیان لە پێوەری عێراقی زیاترە و ڕووبەری باخچەی منداڵانی پەپوولەش لە پێوەری ناوبراو کەمترە. وەک لە خشتەی (٩) دیارە.

**ب- پێوەری ڕووبەر/ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦)**

بەگوێرەی پێوەری عێراقی ڕووبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦) پێویستە لە نێوان (٥٠٠٠–٦٠٠٠ م٢) بێت. لە شاری هەڵەبجەی تازە ڕووبەری گشتی (٦) قوتابخانەی بنەڕەتی ئەم قۆناغەی خوێندن بەرزترە لە پێوەری ناوبراو و (١) قوتابخانە ڕووبەرەکەی هاوتای پێوەری بەکارهاتووە، لە (٤) قوتابخانەش ڕووبەرەکە کەمترە، ئەمەش لە خشتەی (١٠) خراوەتەڕوو.

**ج- پێوەری ڕووبەر/ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (٧-٩)**

پشتبەست بە پێوەری بەکارهاتوو ڕووبەری گشتی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (٧-٩) لە نێوان (٨٠٠٠ – ٩٠٠٠م٢) دانراوە، لە خشتە (١١)دا دەردەکەوێت لە ناوچەی توێژینەوە تەنها لە (١) قوتابخانە ڕووبەری گشتیی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی (٧-٩) لە پێوەری عێراقی زیاترە، بەڵام لە هەموو قوتابخانەکانی تر ڕووبەری گشتیی قوتابخانەکان کەمترن.

**د-پێوەری ڕووبەر/ خوێندنگە ئامادەییەکان**

ڕووبەری گشتیی خوێندنگە ئامادەییەکان بەگوێرەی پێوەری عێراقی لە نێوان (١٠٠٠٠–١٢٠٠٠م٢) هەژمارکراوە، لە ناوچەی توێژینەوە لە هیچ خوێندنگەیەک ڕووبەرە گشتیەکەی هاوتا یان زیاتر نیە لە پێوەری ناوبراو، بەڵکو ڕووبەری خوێندنگەکان بەراورد بە پێوەری ناوبراو کەمترە، کە لە خشتەی (١٢) ڕوونکراوەتەوە.

**٧- پێوەری بەشی قوتابی لە ڕووبەری گشتیی قوتابخانە (م٢)**

ئەم پێوەرە یەکێکە لەو پێوەرانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی پشکی (منداڵ/ قوتابی/ خوێندکار) لە ڕووبەری گشتی (باخچە/ قوتابخانە/ خوێندنگەکان)، ئەگەر هاتوو بەهای نیشاندەرەکە لە خوار بەهای پێوەرەکە بیت، ئەوا لەسەر حسابی ئەو شوێنانە دەبێت کە بۆ (گۆڕپانی یاری، باخچە، تاقیگە، شانۆ، مەراسیم و چالاکیەکانی دیکە) تەرخانکراون، و کاریگەریی نەرێنی لەسەر توانای جەستەیی و دەروونیی فێرخواز دەبێت. (صالح، ٢٠١٦، ص١١٠) لەم باسە تیشک دەخەینە سەر زانینی پشکی (منداڵ/ قوتابی/ خوێندکار) لە ڕووبەی گشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:-

**ا- پشکی منداڵ/ ڕووبەری باخچە (م٢)**

سەبارەت بە بەرکەوتەی منداڵ بۆ ڕووبەری گشتیی باخچە بەگوێرەی پێوەری عێراقی پشکی هەر منداڵێک لەنێوان (٣٠-٣٥م٢) دیاریکراوە، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆرترین پشکی منداڵ لە ڕووبەری گشتیی باخچە دەکەوێتە باخچەی منداڵانی چرۆ کە (٥٢م٢)یە، ئەمەش بەرزترە لە پێوەری بەکارهاتوو، هەرچی باخچەکانی تری ناوچەی لێکۆڵینەوەیە پشکی منداڵ لە ڕووبەری باخچە کەمترە بەراورد بە پێوەری بەکارهاتوو. وەک لە خشتەی (٩) دیارە.

**ب- پشکی قوتابی/ڕووبەری گشتی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦)**

پشکی قوتابی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ئەم قۆناغەی خوێندن بە (١٣-١٤م٢) دیاریکراوە بە پێوەری عێراقی، پشکی قوتابی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ئەم قۆناغە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها پشکی قوتابی لە قوتابخانەی شۆڕش هاوتای پێوەری عێراقیە، زۆرترین پشکی قوتابی دەکەوێتە قوتابخانەی هەتاو کە (٢٧ م٢) و کەمترین پشکی قوتابیش دەکەوێتە قوتابخانەی دەرسیم کە (٧م٢)یە. بڕوانە خشتە (١٠)

**ج-پشکی قوتابی/ ڕووبەری گشتی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (٧-٩)**

پشکی قوتابی لەم قۆناغەی خوێندندا هەروەکو لە خشتەی (١١)دا ڕوونکراوەتەوە بەپێی پێوەری بەکارهاتوو بە (٢٢-٢٨م٢) دانراوە، زۆرترین پشکی قوتابی لەم قۆناغەی خوێندندا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە قوتابخانەی پێشکەوتن کە (٤٤م٢)یە، قوتابیانی قوتابخانەی بێریڤان کەمترین پشکیان بەردەکەوێت کە (٥م٢)یە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی ڕووبەری گشتیی قوتابخانەی ناوبراو. ئەوەی جێگای سەرنجە لە هیچ یەکێک لە قوتابخانەکان پشکی قوتابی هاوتای پێوەری عێراقی نیە.

**د- پشکی خوێندکار/ خوێندنگە ئامادەییەکان**

پشتبەست بە پێوەری بەکارهاتوو پشکی خوێندکار لە خوێندنگە ئامادەییەکان لە نێوان (٢٥-٣٠م٢)یە، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە هیچ خوێندنگەیەک پشکی خوێندکاران هاوتای ئەم پێوەرە نیە، زۆرترین پشک دەکەوێتە خوێندنگەی مەولەویی ئێواران کە (٦٠م٢) هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی ژمارەی قوتابیان، کەمترین پشکی قوتابیش دەکەوێتە خوێندنگەی شامێرانی کچان کە (١١م٢). وەک لە خشتەی (١٢) خراوەتەڕوو.

**٨-پێوەری شوێنی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان بەگوێرەی شەقامی سەرەکی و لاوەکی**

هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندن تایبەتمەندیی خۆیان لە ڕووی شوێنەوە هەیە و جیاوازن لەیەکتری، بۆیە پێویستە پلاندانەرانی شار لە کاتی هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ بۆ قۆناغەکانی خوێندن ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندیانە بکەن و ڕەچاوی هەڵبژاردنی شەقامی سەرەکی و لاوەکی بکەن، ئەمەش لەبەر سەلامەتیی (منداڵ و قوتابی و خوێندکاران) لە ڕوودای هاتوچۆ و دروستبوونی ژاوەژاو و کاریگەری لەسەر ژینگەی قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندن. بەگوێرەی ستانداردە جیهانی و عێراقیەکان پێویستە باخچەی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (١-٦) بکەونە سەر شەقامی لاوەکی و قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (٧-٩) و خوێندنگە ئامادەییەکان بکەونە سەر شەقامی سەرەکی.

**ا-باخچەی منداڵان:** هەریەکە لە باخچەکانی منداڵانی (چرۆ و سارا) کەوتوونەتە سەر شەقامی لاوەکی، ئەمەش هاوتای پێوەری عێراقیە، بەڵام باخچەی منداڵانی پەپوولە کەوتۆتە سەر شەقامی سەرەکی، ئەمەیان پێچەوانەی پێوەری بەکارهاتوە لە توێژینەوەکەدا. وەک لە خشتەی (٩) دیارە.

**ب- قۆناغی بنەڕەتی(١-٦):** لە ناوچەی توێژینەوە لە کۆی (١٠) قوتابخانەی بنەڕەتی قۆناغی (١-٦) (٧) قوتابخانەیان دەکەونە سەر شەقامی سەرەکی و (٣) قوتابخانەی دەکەونە سەر شەقامی لاوەکی واتە زۆرینەیان پێچەوانەی پێوەری عێراقین، کە دەبێت قوتابخانەکانی ئەم قۆناغە لەسەر شەقامی لاوەکی بن، ئەمەش خاڵێکی نەرینیە بۆ شوێنی ئەم قوتابخانانە. بڕوانە خشتە (١٠).

**ج-قۆناغی بنەڕەتی(٧-٩):** هەروەکو لە خشتەی (١١) دا ڕوونکراوەتەوە لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی قۆناغی (٧-٩)ی ناوچەی توێژینەوە تەنها قوتابخانەی مەشخەلان پێچەوانەی پێوەری عێراقیە، سەرجەم قوتابخانەکانی تر هاوتای پێوەری بەکارهاتوون، چونکە کەوتوونەتە سەر شەقامی سەرەکی لەم بارەوە شوێنی زۆرینەی قوتابخانەکان پۆزەتیڤن.

**د-قۆناغی ئامادەیی:** لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری هەڵەبجەی تازە تەنها خوێندنگەی شامێرانی کچان هاوتای پێوەری عێراقیە کەوتۆتە سەر شەقامی سەرەکی، خوێندنگاکانی تر پێچەوانەی پێوەری ناوبراون و کەوتونەتە سەر شەقامی لاوەکی. وەک خشتەی (١٢) دیارە.

خشتەی (٩) هەڵسەنگانی خزمەتگوزاری فێرکاری بۆ باخچەی منداڵان لە شاری هەڵەبجەی تازە بە پێی پێوەرە بەکارهاتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٢-٢٣

| باخچەی منداڵان | ژ.مندا | ئاست | ژ.پۆل | ئاست | ژ.منداڵ/ پۆل | ئاست | ژ.منداڵ/ماموستا | ئاست | رووبەری | ئاست | پشکی منداڵ | ئاست | شوێن/ شەقام | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چرۆ | ١٠٨ | = | ٤ | = | ٢٧ | = | ٩ | ↓ ١١ | ٥٦٧٣م٢ | ↑ ٢١٧٣م٢ | ٥٢م٢ | ↑ ١٧م٢ | لاوەکی | = |
| پەپوولە | ٢٠٢ | ↑ ٨٢ | ٦ | ↑ ٢ | ٣٣ | ↑ ٣ | ٨ | ↓ ١٢ | ١٦٠٠م٢ | ↓ ١٤٠٠م٢ | ٧.٩م٢ | ↓ ٢٢م٢ | سەرەکی | ✗ |
| سارا | ١٩٩ | ↑ ٧٩ | ٥ | ↑ ١ | ٤٠ | ↑ ١٠ | ١١ | ↓ ٩ | ٥٦٨٦م٢ | ↑ ٢٣٦٨م٢ | ٢٩.٥م٢ | ↓ ٢٠.٥م٢ | لاوەکی | = |
| کۆی گشتی | ٥٠٩ | | ١٥ | | ١٠٠ | | ٢٨ | | ١٣١٤١م٢ | | ٨٩.٤م٢ | | | |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری شارەزوور، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

٢- پاشکۆی (١).



خشتەی (١٠) هەڵسەنگانی خزمەتگو

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەست

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، و

٢٠٢٣

| قوتابخانەی بنەڕەتی | ژ.قوتابی | ئاست | ژ.پۆل | ئ اس | ژ.قوتابی/پۆل | ئ اس | ژقوتابی/ماموستا | ئ اس | ڕووبەری | ئاست | پشکی قوتابی | ئاست | شوێن/ شەق | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هیوا | ٧٦٨ | ↑ ٣٣١ | ١٨ | ↑ ٦ | ٤٨ | ↑ ١٢ | ١١ | ↓ ٩ | ٤٨٥٥ | ↓ ١٤٥ | ٥،٥ | ↓ ٨ | سەرە | ✖ |
| هەتاو | ٥٨١ | ↑ ١٥٩ | ١٢ | = | ٤٩ | ↑ ٢٣ | ١٠ | ↓ ١٠ | ١٥٤٧٣ | ↑ ٩٧٤٣ | ٢٧ | ↑ ١٣ | سەرە | ✖ |
| پێشاران | ٣٨١ | ↓ ٤١ | ١٢ | = | ٣١ | = | ١٠ | ↓ ١٠ | ٨١٧٢ | ↑ ٢١٧٢ | ٢١،٥ | ↑ ٧،٥ | لاوە | = |
| شارەزوور | ٦٤٣ | ↑ ٣٢١ | ١٢ | = | ٥٣ | ↑ ١٧ | ١٢ | ↓ ٨ | ٥٠٥٧ | = | ٨ | ↓ ٥ | سەرە | ✖ |
| سروە | ٣٩٦ | ↓ ٢٦ | ١٢ | = | ٣٣ | = | ١٣ | ↓ ٧ | ٦٢٠٤ | ↑ ٢٠٤ | ١٥ | ↑ ١ | سەرە | ✖ |
| نالی | ٣٥٤ | ↓ ٦٨ | ٦ | ↓ ٦ | ٥٩ | ↑ ٢٣ | ١٠ | ↓ ١٠ | ٣٢٥٠ | ↓ ١٧٥٠ | ٩ | ↓ ٤ | لاوە | = |
| دەرسیم | ٨٣٥ | ↑ ٤١٣ | ١٢ | = | ٦٩ | ↑ ٢٣ | ١٤ | ↓ ٦ | ٦١١٨ | ↑ ١١٨ | ٧ | ↓ ٧ | سەرە | ✖ |
| شۆرش | ٣٦٦ | ↓ ٥٦ | ١٢ | = | ٣٠ | = | ١١ | ↓ ٩ | ٤٨٥٥ | ↓ ١٤٥ | ١٣ | = | سەرە | ✖ |
| ئەحمەد | ٦٤٤ | ↑ ٣٢٢ | ١٢ | = | ٥٣ | ↑ ١٧ | ١١ | ↓ ٩ | ١١٤٠٣ | ↑ ٥١٤٣ | ١٨ | ↑ ٤ | سەرە | ✖ |
| سەردەم | ١٠٢٨ | ↑ ٦٠٦ | ١٧ | ↑ ٥ | ٦٠ | ↑ ٢٤ | ١٤ | ↓ ٦ | ٨٩٩٢ | ↑ ٢٩٩٢ | ٨ | ↓ ٥ | لاوە | = |
| کۆی گشتی | ٦١٠٤ | | ١٢٥ | | ٤٨٥ | | ١١٦ | | ٧٤٣٩٧ | | ١٣٢ | | | |

| قوتابخانەی بنەڕەتی (٧-٩) | ژ.قوتابی | ئاست | ژ.پۆل | ئاست | ژ.قوتابییل/پۆل/ | ئاست | ژقوتابی/ماموستا | ئاست | ڕووبەری بقوتابخانە م٢/ | ئاست | پشکی قوتابی/م٢ | ئاست | شوێن/ شەقام | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بێریڤان | ٥٤٩ | ↑ ١١٨٩ | ١٨ | ↑ ٦ | ٣٠ | = | ١٠ | ↓ ١٠ | ٤٥٠٠ | ↓ ٣٥٠٠ | ٥ | ↓ ١٨ | سەرەکی | = |
| پێشکەوتن | ١٢٧ | ↓ ٢٣٩ | ٧ | ↓ ٥ | ١٨ | ↓ ٧ | ٨ | ↓ ١٢ | ٦١١٨ | ↓ ١٨٨٢ | ٤٤ | ↑ ١٦ | سەرەکی | = |
| ئاڵا | ٢٧٤ | ↓ ٨٦ | ١٢ | = | ٢٣ | ↓ ٢ | ٩ | ↓ ١١ | ٦٢٠٤ | ↓ ١٧٩٦ | ١٧ | ↓ ٤٥ | سەرەکی | = |
| شەهیدانی خێلی حەمە | ٣٢٩ | ↓ ٣١ | ١٢ | = | ٢٧ | = | ١١ | ↓ ٩ | ٦١٩٥ | ↓ ١٨٠٥ | ١٨ | ↓ ٤ | سەرەکی | = |
| سەرکەوتن | ٤٢٢ | ↑ ٦٢ | ١٢ | = | ٣٥ | ↑ ٥ | ١٢ | ↓ ٨ | ٦١٩٥ | ↓ ١٨٠٥٤ | ١٤ | ↓ ٨ | سەرەکی | = |
| هەورامان | ٤٧٧ | ↑ ١١٧ | ١٧ | ↑ ٥ | ٢٨ | = | ٩ | ↓ ١١ | ١٥٧٤٣ | ↑ ٦٧٤٣٥٠ | ٣٣ | ↑ ٥ | سەرەکی | = |
| مەشخەڵان | ٢٠٣ | ↓ ١٥٧٣ | ٩ | ↓ ٣ | ٢٣ | ↓ ٢ | ٧ | ↓ ١٣ | ٧٩١٤ | ↓ ٨٦ | ٣٨ | ↑ ١٠ | لاوەکی | ✖ |
| کۆی گشتی | ٢٤٨١ | | ٨٧ | | ٤٨٥ | | ٦٦ | | ٧٤٣٩٧ | | ١٦٩ | | | |

خشتەی (١١) هەڵسەنگانی خزمەتگوزاری فێرکاری بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانی (٧-٩) لە شاری هەڵەبجەی تازە بە پێی پێوەرە بەکارهاتووەکان لەساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری شارەزوور، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

٢- پاشکۆی (١)

خشتەی (١٢) هەڵسەنگانی خزمەتگوزاری فێرکاری بۆ خوێندنگە ئامادەیەکان لە شاری هەڵەبجەی تازە بە پێی پێوەرە بەکارهاتووەکان لەساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

| خوێندنگە ئامادەیەکان | ژ.خوێند کار | ئاست | ژ.پۆل | ئاست | ژ.خوێند کار /پۆل | ئاست | ژ.خوێندکار /ماموستا | ئاست | ڕووبەری خوێندن | ئاست | پشکی خوێندکار/م٢ | ئاست | شوێن/ شەقام | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەهید سیروانی | ٦٢٨ | ٢٢٠ | ٢٣ | ١١ | ٢٧ | ٣ | ١١ | ٧ | ٥٦٢٢ | ٣٧٨ | ٩ | ١٦ | لاوەکی | ✖ |
| مەولەوی ئۆواران | ١٦٢ | ٢٤٥ | ٦ | ٦ | ٢٧ | ٣ | ١٣ | ٥ | ٩٨٩٢ | ١٠٨ | ٦٠ | ٣٥ | لاوەکی | ✖ |
| شەهید داناى كوران | ٥٣٨ | ٣٠ | ٢١ | ٩ | ٢٥ | ٥ | ٨ | ١٠ | ٩٨٩٢ | ١٠٨ | ١٨ | ٧ | لاوەکی | ✖ |
| شەهید زانای كوران | ٢٢٤ | ٨٤ | ١٠ | ٢ | ٢٢ | ٨ | ٩ | ٩ | ٩٨٩٢ | ١٠٨ | ٤٤ | ١٤ | لاوەکی | ✖ |
| شامیران | ٤٢٥ | ١٧ | ١٨ | ٦ | ٢٣ | ٧ | ٨ | ١٠ | ٤٥٠٠ | ٥٠٠ | ١١ | ١٤ | سەرەکی | = |
| کۆی گشتی | ١٩٧٨ | | ٨٧ | | ١٢٤ | | ٤٩ | | ٣٩٧٩٨ | | ١٦٩ | | | |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری شارەزوور، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

٢- ڕاپشکنی (١)

١- باخچەی ساوایانی پەپوولە لە گەڕەکی مامۆستایان گەورەترین

باخچەی ساوایانە لە ڕووی ژمارەی (منداڵ و مامۆستا و پۆل)ەوە، کە ژمارەی پۆلەکان دەگاتە (٦) پۆل و ژمارەی منداڵان لەم باخچەیە (٢٠٢) منداڵە و ژمارەی مامۆستایانی دەگاتە (٢٤) مامۆستا.

٢-زۆرترین ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتیەکان دەکەوێتە گەڕەکی سورێن کە ژمارەیان (٥) قوتابخانەیە و زۆرترین ژمارەی مامۆستا و قوتابی لە قوتابخانەی هیوای بنەڕەتین، کە ژمارەیان (٨٠) مامۆستا و (٨٧٦) قوتابیە، زۆرترین ژمارەی پۆلیش دەکەوێتە قوتابخانەکانی هیوای بنەڕەتی و بێریفانی بنەڕەتی کە ژمارەیان دەگاتە (١٨) پۆل.

٣- کەمترین ژمارەی مامۆستا و قوتابی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان دەکەوێتە قوتابخانەی پێشکەوتن لە گەڕەکی شارەوانی کە ژمارەیان (١٥) مامۆستا و (١٢٧) قوتابیە، کەمترین ژمارەی پۆلیش دەکەوێتە قوتابخانەی نالیی بنەڕەتی لە هەمان گەڕەک کە ژمارەیان (٦) پۆلە.

٤- زۆرترین ژمارەی قوتابخانە ئامادەییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەونە گەڕەکی مامۆستایان، کە ژمارەیان (٣) قوتابخانەیە و لە (٦٠٪) قوتابخانە ئامادەییەکان پێکدەهێنن، لە بەرانبەردا بەهۆی نەبوونی بینای پێویست و تەواوکراو لە گەڕەکە نوێیەکانی وەکو (ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا- هەواری شار) بێبەشن لە خزمەتگوزاریی فێرکاری.

٥-ناوەندی شوێنی بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە دەکەوێتە سەنتەری شارەوە، ئەمەش لایەنێکی باشی دابەشبوونی ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە نیشاندەدات، ئاراستەی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی ئەم خزمەتگوزاریە شێوەی هێلکەیی وەرگرتوە، لە باشووری ڕۆژئاوا بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات درێژبوەتەوە.

٦- خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی پێوەری دووریی پێوانەیی شێوازێکی هەڕەمەکی وەرگرتوە، چونکە (٥٨٪) ڕەگەزەکان کەوتوونەتە نێو بازنەکەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم خزمەتگوزاریە شێوەیەکی کۆکراوەیان وەرگرتوە.

٧- ئاستی خزمەتگوزاریی فێرکاری (باخچەی ساوایان) لە ناوچەی توێژینەوە، بە پێی پێوەری عێراقی لە ئاستێکی باشدا نیە، بۆ قوتابخانە بنەڕەتیەکانیش تەنها لە پێوەرەکانی (ژ.پۆل/ قوتابخانە- ژ.پۆل/ قوتابی) لە زۆرینەی ئەم قوتابخانانە هاوتایە یان زیاترە، بەڵام لە تەواوی پێوەرەکانی تر هاوتای پێوەری عێراقی نین، بۆ قوتابخانە ئامادەییەکان دیسان لە ئاستێکی باشدا نیە، چونکە هەموو پێوەرەکانی بەکارهاتوو یان زیاترە لە پێوەری عێراقی یاخود کەمترە لە پێوەرەکە.

٨- ژمارەی مامۆستایان لە هەموو ئاستەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە زیاترە بەراورد بە پێوەری عێراقی.

**پێشنیاز**

١- گرنگیدان بە کردنەوەی باخچەی منداڵان و قوتابخانەی بنەڕەتیی زیاتر لە ناوچەی توێژینەوە، چونکە بە پێی پێوەری عێراقی (٧) باخچە و (١٣) قوتابخانەی بنەڕەتی بۆ هەردوو قۆناغ پێویستن بۆ ئەوەی ئەم خزمەتگوزاریە بە شێوەیەکی باش فەراهەمبکرێت بۆ منداڵان و قوتابیان.

٢- دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بینا بۆ ئەو قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییانەی کە بینایان نیە و وەک میوان لە بینای قوتابخانەکانی تردا دەوام دەکەن، تا فشار لەسەر قوتابخانەی خاوەن بینا کەمبکەنەوە.

٣- پێویستە لە ماستەرپلانی شاردا گرنگی بدرێت بە دروستکردنی قوتابخانەی نوێ لە هەریەکە لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و هەواری شار، چونکە هیچ جۆرە قوتابخانەیەک لەم گەڕەکانەدا نیە.

٤- چاوپیاخشانەوە بە دابەشبوونی خوێندکاران و مامۆستایان بەسەر قوتابخانەکاندا بە جۆرێک ژمارەیان هاوتا یان نزیک بە پێوەرەکان بێت تا ئاستی پەروەردە و خوێندن بەرزبکرێتەوە.

٥- گرنگیدانی حکومەت بەم کەرتە بە جۆریک لە پێشینەی کارەکانی بێت، بە دابینکردنی پێداو پێویستەکانی قوتابخانە و چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەبێتەوە، بە پێشکەشکردنی باشترین جۆری خزمەتگوزاریی فێرکاری، چونکە بناغەی پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگایەک بەستراوەتەوە بەم کەرتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان**


١- حاجی محمد، نامدار محمد علی (٢٠٢٢)، دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری فێرکاری لەشاری کەلار، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان، گەرمیان.

٢- المعجمي، محمد حسن علي (٢٠٢٠)، التحليل المكاني لتوزيع وكفاءة الخدمات التعليمية في ناحية اسحاقي، رسالة ماجستر، كلية التربية، جامعة سامراء.

٣- گۆران، باسم قاسم سلێمان (٢٠١٥)، شیکردنەوەیەکی جورافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لەشاری بەردەڕەش بە بەکارهێنانی سیستمی زانیارییە جوگرافیەکان (gis )، نامەی ماستەر، کولیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٤- حمد، حکمت عبدلعزیز؛ عزیز، امیر قادر؛ حسن، طارق خضر (٢٠١٦)، شیکردنەوەی شوێنی بۆ نەخۆشخانە تایبەتیەکانی شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS) . گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان. بەرگ ٢٠. ژمارە٤،هەولێر.

٥-مصطفی، فاطمە قادر، عباس، هۆشمەند جەوهەر، سعید، تەنکە عوسمان (٢٠٢٢)، توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی لەقەزای ئاکری بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS). گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین بەرگ٩. ژمارە٣. ڕانیە.

٦- علی، فاتح اکرم (٢٠٢٢)، شیکردنەوەی چوگرافی بۆ دابەش بوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لەشاری دەربەندیخان. نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی.
٧- ڕواندزی، عمر حسن حسین و هەنارەیی، ڕزگار محمد عوسمان (٢٠١٧)، دابەشبوونی نیشینگە لادێیەکانی قەزای سۆران بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی (gis)، گۆڤاری تویژەر، زانکۆی سۆران، ژمارە ٠، سۆران.
٨-صالع، وسام یوسف (٢٠١٦)، التحلیل المکانی للخدمات التعلیمیهة فی مدینهة زاخو باستخدام نظم المعلومات الجغرافیة، رسالة ماجستر، جامعة دهوک، دهوک.
٩-حمدامین، هاشم یاسین؛ عزیز، امیر قادر و جمیل. د.سمیر محۆ (٢٠١٦)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی یاریگا بچووککراوەکانی تۆپی پێ لەشاری هەولێر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافیەکان (gis)، گۆڤاری ڕاپەرین، زانکۆی ڕاپەرین، بەرگ٣، ژمارە٧.
١٠- غضبان، فواد (٢٠١٣)، جغرافیا الخدمات، دار الیازوري العلمیة لطبع و النشر، عمان.
١١- العلي، محمد خظیر سلمان (٢٠١٤)، التحلیل کفاءة الخدمات التعلیمیة في مدینة ابي الخصیب، رسالة ماجستر، کلیة الاداب، جامعة البصرة.
١٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری شارەزوور، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.
١٣-عجمی، نجی عبید (٢٠١٢)، تقویم کفاءة الخدمات التعلیمیة ریاض الاطفال في العمریة، مجلة التخطیط و التنمیة، العدد ٢٦.
١٤- الجبوري، زینب یعقوب یوسف (٢٠١٧)، التحلیل المکاني للخدمات التعلیمیة في ریف قضاء الدیوانیة و امکانیات تنمیتها، رسالة ماجستیر، جامعة القادسیة، کلیة الاداب.
١٥-احمد، بهاالدین مجید (٢٠٠٧)، ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجەی تازە، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، گۆڤاری کۆچ، سلێمانی.

## لیستی پاشکۆکان

**پاشکۆی(١) پێوەری عێراقی بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری**

| قۆناغی خوێندن | پێوەرەکان | ڕەهەندی پێوەرەکان |
|---|---|---|
| **باخچەی منداڵان** | ژ. دانیشتوان | ٥٠٠٠ |
| | ژ. منداڵانی باخچە/ باخچەی منداڵان | ١٠٠-١٢٠ |
| | باخچە/ ژ. پۆل | ٤ |
| | ژ. منداڵانی باخچە/ پۆل | ٣٠-٣٥ |

| | | |
|---|---|---|
| | ژ. منداڵانی باخچە/ ژ. مامۆستا | ١/٢٠ |
| | ڕووبەری گشتی باخچەی منداڵان | ٣٠٠٠-٣٥٠٠م٢ |
| | بەرکەوتەی منداڵی باخچە لە ڕووبەری گشتی | ٣٠-٣٥م٢ |
| | شوێن بە گوێرەی شەقام | لاوەکی |
| **قوتابخانەی بنەڕەتی ١-٦** | ژ. دانیشتوان | ٢٥٠٠ |
| | ژ. قوتابی/ قوتابخانە | ٤٣٢ |
| | قوتابخانە/ ژ. پۆل | ١٢ |
| | ژ. قوتابی/ پۆل | ٢٥-٣٦ |
| | ژ. قوتابی / ژ. مامۆستا | ١٨-٢٠ |
| | ڕووبەری گشتی قوتابخانە | ٥٠٠٠-٦٠٠٠م٢ |
| | بەرکەوتەی قوتابی لە ڕووبەری گشتی قوتابخانە | ١٣-١٤م٢ |
| **قوتابخانەی بنەڕەتی ٧-٩** | ژ. دانیشتوان | ٥٠٠٠ |
| | ژ. قوتابی/ قوتابخانە | ٣٦٠ |
| | قوتابخانە/ ژ. پۆل | ١٢ |
| | ژ. قوتابی/ پۆل | ٢٥-٣٠ |
| | ژ. قوتابی / ژ. مامۆستا | ٢٠ |
| | ڕووبەری گشتی قوتابخانە | ٨٠٠٠-٩٠٠٠م٢ |
| | بەرکەوتەی قوتابی لە ڕووبەری گشتی قوتابخانە | ٢٢-٢٨م٢ |
| | | |
| **خوێندنگای ئامادەیی** | ژ. دانیشتوان | ١٠٠٠٠ |
| | ژ. خوێندکار/ خوێندنگە | ٤٠٨ |
| | خوێندگە/ ژ. پۆل | ١٢ |
| | ژ. خوێندکار/ پۆل | ٣٠ |
| | ژ. خوێندکار / ژ. مامۆستا | ٢٠ |
| | ڕووبەری گشتی خوێندنگە | ١٠٠٠٠-١٢٠٠٠م٢ |

| | | |
|---|---|---|
| | بەرکەوتەی خوێندکار لە ڕووبەری گشتی خوێندگە | ٢٥-٣٠م٢ |

التحليل الجغرافي لتوزيع الخدمات التعليمية في قضاء حلبجة الجديدة(2022-2023)

(دراسة في جغرافية الخدمات)

ملخص

الخدمات التعليمية تعد جانبا مهما من جوانب الخدمة الاجتماعية وتلعب دورا كبيرا في تعزيز وتنمية قدرات الفرد وتنشئة جيل واعي ومتمكن لتنمية المجتمع ورفع مستواها الثقافي ويعتبر هذا معيارا أساسيا لتقييم تقدم الدول.

ونظرا لأهمية هذا القطاع من الخدمة فقد خصصنا هذه الدراسة للتحليل الجغرافي للخدمات التعليمية في مدينه حلبجة الجديدة لعام ٢٠٢٢-٢٠٢٣ تكمن أهمية هذا البحث في بيان واقع الخدمات التعليمية في مدينة حلبجة الجديدة وتحديد المعوقات أمام المخططين والخبراء في هذا المجال، لاتخاذ الخطوات العلمية وتحسين مستوى التعليم في المدينة.

في هذه الدراسة استخدمنا المنهج الوصفي والاستقرائي. تهدف هذه الدراسة إلى بيان توزيع الخدمات التعليمية في منطقة الدراسة وبيان قدرة ومستوى الخدمات التعليمية للسكان وعرض واقع الخدمات التعليمية في مدينة حلبجة الجديدة.

ولتحقيق الأهداف الرئيسية قمنا بتقسيم البحث إلى ثلاثة أجزاء رئيسية، يركز الجزء الأول على التوزيع الجغرافي للخدمات التعليمية في حلبجة ٢٠٢٢-٢٠٢٣. أما الجزء الثاني فقد خصص للتحليل المكاني للخدمات التعليمية في منطقة البحث وفي الجزء الثالث و الأخير قمنا بتنفيذ معايير تخطيط الخدمات التعليمية في حلبجة الجديدة.

الكلمات المفتاحية : حلبجة الجديدة . الخدمات التعليمية ، التوزيع. جغرافية الخدمات.